# پلانی نوێی بۆش: سەنترالیزەکردن، بەهێزکردنی ستات و ملکەچی دەسەڵاتدارانی کوردستان

شاخەوان شۆڕش
2007.01.21

لەم وتارەدا سەرنج دەدرێتە، پلانە نوێکەی بۆش، ئاستی تەبایی ئەو پلانە لەگەڵ پێشنیار و ڕاسپاردەکانی بێکەر–هامیلتۆن، هەروەها ئەو مەترسیانەی سەبارەت بە بەرژەوەندی کوردستان هەن و سەیرێکی هەڵوێست، کردار، لێکدانەوە و گفتەکانی دەسەڵاتی کوردی لەسەر بابەتە گرنگەکان دەکرێت.

سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش لە ڕێکەوتی 11ی ژانیوەری 2007 دا لە وتەیەکیدا پلان و ستراتیژی خۆی خستەڕوو، لە پلانەکەدا جەخت دەخاتەسەر هێنانەدی ئاسایش لە ناوەڕاستی ئێراقدا، بەتایبەتی لە پارێزگای ئەنبار و لە ناو شاری بەغدا دا. ئەو وتەیەی جۆرج بۆش یەکەم هەڵوێستی ڕاگەیاندراوی ئەمەریکایە لە دوای هاتنی ڕاپۆرتی بێکەر–هامیلتۆن. ئەو لە وتەکەیدا گرنگیی بوونی گەلێ لە خاڵەکانی ڕاپۆرتەکەی بێکەر–هامیلتۆن کە تایبەتن بە ئاسایش، سەنترالیزەکردن و هێنانەوەی بەعسیەکان و بەهێزکردنی ستات لەبەرچاو دەگرێت. هەروەکو خۆشی ئاماژە بە سوودوەرگرتن لە ڕاسپاردەکانی بێکەر–هامیلتۆن دەکات. پەرلەمانی ئێراقی (جگە لە گرووپی موقتەدا سەدر) پەسندی پلانەکەی جۆرج بۆشیان کرد.

بۆش لە وتەکەیدا دان بە سەرنەکەوتنی ستراتیژی تائێستای ئەمەریکا لە پرۆژەی دروستکردنەوەی ئێراقدا دادەنێت و لەوڕوانگەیەوە هەوڵ دەدات ڕێگاچارەیەک بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکەی دابنێت، چونکە ئەو دۆڕانی ئەمەریکا بە کارەسات دادەنێت. گۆڕینەکە لە ستراتیژیەکەدا گۆڕانێکی سەرسوڕهێن نییە، ئەو هەر لەسەر دروستکردنەوەی ئێراق و یەکگرتووهێشتنەوەی ئێراق سوورە، چارەسەریش لە بەهێزکردنی سوپا بە ناردنی 20.000 سەربازی ئەمەریکایی، هەروەها بەهەزاران سەربازی دیکەی عارەبی شیعە و کورد بۆ بەغدا و دەوروبەری، مانەوەی ئەو هێزانە لە شوێنە لەنوێ کەنترۆلکراوەکاندا، دەبینێت. هەروەها بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەند، هێنانەوەی بەعسیەکان و پێدانی ڕۆڵی زیاتر بە سوننەکان، چاکردنی دەستور لەمبارەیەوە بە گرنگ دادەنێت.

لە ستراتیژی نوێی بەڕێوەبەرایەتی بۆش دا دووخاڵی سەرەکی گۆڕانی تێداکراوە، یەکەم: بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بەعس چاوی پێدا دەخشێندرێتەوە و گەمارۆ لەسەر بەعسیەکان ناهێڵدرێت، هەوڵ دەدرێت بەعسیەکان بهێندرێنە ناو پرۆسەی دروستکردنەوەی ئێراق. دووەم: پێشتر هێزی ئەمەریکایی کەم بووە و ئێستا هێزی زیاتر دەنێرن، هەروەها مانەوەی هێزەکان لەهەر شوێنێکی ئاژاوەئامێزی لەنوێ کەنترۆڵکراودا، کە پێشتر بەپێچەوانەوە بوو و هێزەکان ئەو شوێنانەیان داوی پشکنین و کەنترۆل چۆڵ دەکرد. هەروەها تیشکی سەوز بە هێزەکان بۆچوونە ناو شوێنە هەستیارەکان دراوە.

دیارە بۆش هەڕەشە لە حکومەتی ئێراق دەکات و دەڵێ ئەگەر بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ نەکات، ئەوا یارمەتی ئەمەریکاش نامێنێت. مەبەستی سەرەکی لێرەدا کارکردنی کۆنکریتییە بۆ نەهێشتنی میلیتسە شیعەکان و ئەوانیتر. بۆش پێیوایە، زۆرینەی شیعە و سوننە ئارەزووی بەیەکەوەژیان دەکەن، سەقامگیری ئاسایش لە بەغدا، یارمەتی ئاشتبوونەوە دەدات.
بۆش جەخت لەسەر پارێزگاری یەکێتی ئێراق دەکاتەوە و هەڕەشە لە ئێران و سوریا دەکات، بە کاری دەستێوەردان و یارمەتی تیرۆرستان تاوانباریان دەکات. لێرەدا بۆش وایپێشان دەدات کە بەپێچەوانەی ڕاسپاردەکەی بێکەر–هامیلتۆن، دانوستان و گفتوگۆ سەبارەت بە ئاسایشی ئێراق لەگەڵ ئێران و سوریا ناکات. بەڵام سەردانی تاڵەبانی بۆ سوریا و

مانەوەی بۆ چەندین رۆژ، ئاماژە بە لەبەرچاوگرتنی ڕاسپاردەکەی بێکەر–هامیلتۆن لەمبارەیەوەش دەکات. واپێدەچی لەگەڵ ئێران توندتره، بە بەڵگەی ئەوەی لەم ماوەیەدا دووجار خەڵکی سەر بە ڕژێمی ئێرانی لە ئێراقدا دەستبەسەر کردووە و بە هاوکاری تیرۆریستان تۆمەتباری کردوون. بەڵام ئەوە بەڵگەی ئەوە نییە کە ئیتر ئەمەریکا لەگەڵ ئێران گفتوگۆ ناکات. ئەمەریکا بەرامبەر بە هەردوو وڵات هەمیشە توندی نواندووە، بەڵام هەر کاتێک ئەو وڵاتانە بێنەژێر باری داخوازیەکانی ئەمەریکا یا هەندێ لە مەرجەکانی پەسند بکەن، ئەمەریکا یەکودوو لە گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵیاندا ناکات.

هەروەها بۆش ئاماژە بە گرنگیی هاوکاری نێوان ئێراق و تورکیا لە کێشەی سنور دەکات، مەبەستیش هاوکاری ئێراقە لە نەهێشتنی کاریگەری هێزەکانی پەکەکە لە ناوچە سنوریەکاندا. لێرەدا هێما بۆ گرنگی تورکیا لە پلانەکەی ئەمەریکادا دەکرێت، بۆیە دەکرێ بیروبۆچوونەکانی تورکیا سەبارەت بە کاروباری ناوخۆی ئێراق بەتایبەتی بڕیاری 140 لەبەرچاو بگیرێن، هەروەکو بێکەر و هامیلتۆن کردیان. هەڵوێستی ئەمەریکا بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە باکوری کوردستاندا، دیسان نەرێنیانە دێتەبەرچاو و بەرژەوەندی تورکیا لەبەرچاو دەگرێت.

بۆش لەمیانەی پلانەکەیدا چەندینجار ناوی گروپی تیرۆرستی ئەلقاعیدە دەهێنێت و جەخت لەسەر ڕاونان و لەناوبردنیان دەکاتەوە. وەکو دەبینرێت کێشەی ئەلقاعیدە زۆر گەورە پیشان دەدرێت و زۆر بەخەستی بە ئێراق دەیبەستێتەوە. لێرەدا بۆش دەیەوێت بوونی ئەمەریکا لە ئێراقدا وەکو هەمیشە لەژێر ناوی جەنگی دژە تیرۆر بۆ خەڵکی ئەمەریکا و جیهان ڕەوا بکات. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە، کێشەکانی ناو ئێراق کە کێشەی نێوان هەندێ گروپی ناسیونال و ئەتنییە و سەربردەیەکی مێژوویی درێژی هەیە، لەبنچینەدا تیرۆر و هەندێ گروپی تیرۆریست نین لەڕاستیدا. تیرۆ وتیرۆریزم لە ئێراقدا دەرهاویشتەی ستراتیژی ناسەرکەوتووی ئەمەریکایە و پەیوەندی بە کۆمەڵی کێشەی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و جیهانەوە هەیە، پەیوەندی بە پێکداکەوتنی کەلتوری ڕۆژئاوا و ئیسلامەوە هەیە، پەیوەندی بە ململانێی ئایدۆلۆژیانەی نێوان دیموکراسی و ئیسلامیزم، گلۆبالیزم و ئیسلامیزمەوە هەیە هتد.

بۆش لەپلانە نوێکەیدا سەرکەوتنی "دیموکراتیزەکردنی" ئێراق بە ڕووداو و گۆڕانێکی گرنگ بۆ جیهانی "عارەبی" دادەنێت. هەروەها لە وتەکەیدا ئاماژە بە ناوی عارەبە شیعە و سوننەکان دەکات، بەڵام ناوی کورد تەنانەت بۆ جارێکیش ناهێنێت.
لە تەواوی ڕاپۆرتەکەدا نە ئاماژە بە گرنگی سەرکەوتنی سیستەمی فیدرالی دەدرێت، نە ناوی ئەو سیستەمە دەهێندرێت. بەهیچ جۆرێک ئاماژە بە ئەستەنگەکانی بەردەم ئەو سیستەمە و پێداویستیەکانی ناکرێت. ئاماژە بە دەسەڵاتی ناوچە و هەرێم ناکرێت و ناویان ناهێندرێت، ئاماژە بە پێداویستیەکانی هەرێم ناکرێت.
جەخت لەسەر ئێراق وەکو ستاتێکی یەکگرتوو، سەنترال بەهێز و خاوەن سوپای گونجاوی بەدەسەڵات، دەکرێتەوە. ئاسایشی ئێراق خاڵی سەرەکی پلانەکەیە، دیموکراتیزەکردن و کێشەکانی سەرنەکەوتنی دیموکراتیزەکردن گرنگیان پێنادرێت و دیار ناکرێن. پەنجە لەسەر کێشە و ئەستەنگەکانی سیستەمی دیموکراسی دانادرێت، یان ناپرسن ئایا لەبەرچی ڕەوتی دیموکراسی لە ئێراقدا لەشکست دایە؟
ڕۆڵی کورد، شوێنی کورد، داخوازیەکانی کوردە ئێراقچیەکان لە ئێراقی نوێدا، ناوی ناهێندرێت و گرنگی پێ نادرێت. بەکورتی لە پلانەکەی بۆشدا کورد ناوی نایەت و داخوازیەکانی گرنگیان پێنادرێت. بۆش لە پلانەکەیدا وەکو بێکەر–هامیلتۆن نایەت ئاماژە بە کێشەی کەرکوک بکات، بەڵام ناڕاستەوخۆ خۆی لە خاڵەکانی دیکە دەدات کە پەیوەندیان بە خواستی کوردەوە هەیە.

دەکرێ پلانەکەی بۆش لەگەڵ دەستوری ئێراقی بگونجێندرێت، دیارە دەکرێ سەبارەت بە هەندێ خاڵی گرنگ نیشانەی ناکۆکی ئاماژەیان بۆ بکرێت یا وەکو لێکدانەوەی ناکۆک سەیریان بکرێت، بۆنمونە سوپای هەرێم و دەسەڵاتی بەرامبەر سوپای فیدرال و دەسەڵاتی ناوەند لە هەرێمەکاندا (لەدەستوردا روون نییە و بە وردی دیارنەکراوە)، سیستەمی فیدرالی و ناو نەهێنانی، دابەشکردنی سامانی سروشتی (لە دەستوردا ڕوون نییە)، لەڕاستیدا ئەوە زیاتر پەیوەندی بە ڕوانگەی تێگەیشتنە جوداکانەوە هەیە. دیارە لەبەر ئەوەی دەستوری ئێراقی لە زۆر خاڵدا ورد و روون نییە، دەکرێ ئەو جۆرە لێکدنەوەیەی جۆرج بۆشی بۆ بکرێت، ئەوە وەکو تێگەیشتنێکی ئەمەریکایی لە ڕوانگەیەکی ئەمەریکاییەوە. بە بڕوای زۆر ئەو لێکدانەوەیە سەرکەوتوو دەبێت، چونکە ئەمەریکایە هێز و دەسەلات لە ئێراقدا.

کە بۆش ناوی سیستەمی فیدرالی ناهێنێت، ناوی کێشەی کەرکوک ناهێنێت، ناوی دەسەڵاتی هەرێم و مافەکانی ناهێنێت، واپێدەچێ نایەویت وەکو ڕاپۆرتەکەی بێکەر–هامیلتۆن، جۆرە ناتەبایییەک لەگەڵ ڕێکەوتنە دەستوریەکەدا بە زەقی پیشان بدات، لەکاتێکدا ئاراستەیەکی لەشێوەی ئەوان بە ڕاپۆرتەکەوە بە ڕاکشاوی دیارە.

لە ڕۆژی 18ی مانگدا پەرلەمانی ئێراقی بە گروپی کوردیەوە پەسندی "پلانەکەی بۆش" یان کرد، واتە کورد هیچ گلەییەکی لەهەمبەر ئەو پلانەدا نەبوو، لەگەڵ ئەوەی ئەو پلانە جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ڕاپۆرتەکەی بێکەر–هامیلتۆن دا نییە و لەگەڵ بەرژەوەندی کورد و داخوازیەکانی کوردە ئێراقچیەکاندا (کە لە کوردستاندا بانگاشەیان بۆ دەکەن) گونجاو نییە.

ئەو خاڵانەی پەیوەندیان بە بەرژەوەندی کوردستانەوە هەیە:

یەکەم: دابەشکردنی سەرچاوەی سروشتی و نەوت. بۆش جەخت لەسەر سەنترالیزەکردنی ئەو لایەنە دەکاتەوە. واتە بەستنی کۆنتراکت و داهات لەسەر سەرچاوە نەوتیەکاندا، دەبێ لە ژێردەستی ستاتی ئێراقدا بێت و دابەشکردنەکە بە یەکسانی بۆ هەموو خەڵکی ناو ئێراق بێت. ئەوە هەمان ڕاسپاردەی بێکەر–هامیلتۆنە، بەڵام زیرەکانەتر داڕشتراوە. ئەوە دەکرێ لەگەڵ دەستوردا بە گونجاو بزاندرێت و تەبا دابندرێت، چونکە لە دەستوردا و لە ئەرتیکلی 109 و 110 دا دەڵێ، سامانی سروشتی ئێراق لەهەر شوێنێکی وڵاتدا، هی هەموو گەلی ئێراقە. هەر لە سەرەتاوە لایەنی کوردی نەیدەویست ئەوهای لێکبداتەوە و دەیگوت لەبەر ئەوەی مافی هەرێم لەسەرچاوەی سروشتی بەڕوونی نەنوسراوە، هەرێمی کوردستان بۆی هەیە، بەتایبەتی لەو سامانە نەوتیانەی کە دەرنەهێندراون و ناویان نەهاتووە، خۆی سەرپشک بێت. ئەوان هەر ئەوەشیان بۆ خەڵک گوتەوە و ئامادە نەبوون ئاماژە بەلێکدانەوەکانی دیکەش بکەن. بەڵام ئێستا بە پێی پلانەکەی بۆش، ئەوان ئەو مافەیان نییە، کەچی پەسندی پلانەکەشیان کرد.
پێویستە لێرەدا بگوترێت، گومان لەوەدا هەیە، گریانی یەکێتی و پارتی بۆ مافهەبوون لەسەر دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت لە کوردستاندا (ئەو چاڵە نەوتیانەی تا ئێستا بەرهەم نەهێندراون)، لەبەرچاوی کاڵی گەلی کوردستان بێت. ئەوان هەریەکەیان لەبەری دەسەڵاتەکەی خۆیدا بەبێ ئاگاداری ئەویتر، کۆنتراکتی ساویلکانە و ناهەڵسەنگێندراو لەگەڵ تەنانەت دوژمانی کوردیش دەکەن و لەمبارەیەوە نە پرس بە پەرلەمانە بێدەسەڵاتەکە دەکرێت و نە خەڵکی کوردستانیش لە ناوەڕۆکی کۆنتراکتەکان ئاگادار دەکرێنەوە. لە کۆنتراکتەکاندا تەنها خودی کەسانی پلەبەرزی سەر بە بازنەی سەروو تێکەڵی ئەو بازرگانیەن. ئەو کردارەی ئەوان واپێدەچێ لەسەر بنچینەی ئەو ڕێکەوتنە بێت کە لە کاتی ناکۆکی نێوانیاندا لەسەر داهات و سامانی کوردستان، لەنێوان خۆیاندا کردبوویان. بۆیە دەکرێ بگوترێت، شینەکەی سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی هێندە بۆ گەل نییە، ئەوەندەی بۆ باغەڵی خۆیانە. جارێ واز لەوە بێنە ئەوان بێئەوەی لەمەڕ سەرداری کوردستان لەسەر ئەو سەرچاوە سروشتیانە دڵنیا بن و خۆهەلخەڵەتێنەرانە بۆ بابەتەکە چوون؛ چوون دەستیان بە چاڵهەلکەندن و گرێبەستن کرد و ئێستا بەشێکی زۆری سوودەکەی دەبێ بۆ بەغدا بچێت؛ واز لەوە بێنە هەڵکەندنی ئەو چاڵانە چەندە لە بەرژەوەندی کوردستاندایە و چۆن. پرسیار ئەوەیە؛ چۆن دەکرێ پارت هەلسوکەوت بە سامانی نەتەوە بکات (دیارە لە کوردستاندا حکومەت لەژێر دەسەڵاتی پارت و بەرژەوەندی پارت دایە)؟ بە پێی چ قانون و ڕێسایەکی ڕەوا کەسانێکی تایبەتی سەر بە بازنەیەکی داخراوی سەر بە سەرکردایەتی پارتی دەسەڵاتدار، یا کەسان و خزمی نزیکی سەرۆک پارت، بۆیان هەیە کۆنتراکت لەسەر سامانی نەتەوە ببەستن و نیوەی قازانجی داهاتەکەی بدەنە کۆمپانیای تورکی و بێگانە؟ دیارە ئەوان ئەو بازرگانییە بە ناوی بەرژەوەندی گەل دەکەن و ڕادەگەیەنن، بەڵام خودی ناگونجاویی پرۆسەکە و شاراوەیی بازرگانیەکە؛ لەلایەکیتر سەربەخۆیی یەکێتی لە گرێبەستەکانی لای دەسەڵاتی خۆی، هەروەها سەربەخۆیی پارتی لە گرێبەستەکانی لای دەسەڵاتی خۆی، هەروەها قۆرغکردنی ئەو بازرگانییە لە لایەن کاسانێکی تایبەت، ئەوە بەرپەرچ دەداتەوە. کە دەسەڵاتێکی نوێنەری گەل (کە لەراستیدا بوونی نییە)، بۆنمونە بەناو پەرلەمانی کوردستان ناتوانێت پرسیار لە بەرامبەر بەو بازرگانییە و کەسەکانی تێگلاوی بازرگانیەکە دابنێت، ئەوە ئاماژە بە نەبوونی دەسەڵاتی گەل تەنانەت لەسەر گرنگترین سامانی سروشتیی و نەتەوەیی دەکاتەوە. ئەوە ئاماژە بە کەنترۆلی سامانی سروشتی نەتەوە لەلایەن کەسانێکی بازرگانەوە دەکات. ئەوەی سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی دەیکەن، فرۆشتنی سامانی ژێرزەوی نەتەوەیە بە دوژمنانی کورد و کۆمپانیا بێگانەکان، لە قازنجی بازرگانیەکەش واپێدەچی کەمترین ڕێژەی بەر گەل بکەوێت. ئەوە کارەساتە.

دووەم: بەهێزکردنی سوپا و کەنترۆلی ئاسایشی هەموو *پارێزگاکان* لەلایەن سوپای ئێراقەوە. لێرەدا ئاماژە بە هەرێمی فیدرال *هەر* ناکرێت بەڵکو جەخت لەسەر پارێزگاکان دەکرێتەوە. لەلایەکیتر ڕێگا بە سوپای ئێراق دەدات کەنترۆلی ئاسایش لە هەموو شوێنێکی ئێراقدا بکات. بەپێی ئەرتیکلی 118ی دەستور، ئاسایش و پارێزگاریی هەرێمەکان لەدەست هەرێمەکان خۆیان دایە، بەڵام لە ئەرتیکلی 108، برگەی 2 دا دەڵێ دارشتنی ئاسایشی نەتەوەیی و جێبەجێکردنیان، هەروەها پێکهێنانی هێزە چەکدارەکان بۆ پاراستنی سنورەکان لە دەسەلاتی ناوەند دایە. دیارە ناتەبایی لەو دوو ئەرتیکلەدا بەدی دەکرێت، جگەلەوەی ڕوون و ورد نییە. لایەنی کوردی هەمیشە گوتویەتی ئەوان خۆیان لە ئاسایشی کوردستان سەرپشکن، بەڵام پلانەکەی بۆش جگەلەوەی وەکو هەرێم سەیری کوردستان ناکات، ناوی کوردستان ناهێنێت و ئاسایشی *پارێزگاکانی* کوردستان دەداتە دەست سوپای ئێراقی. پێشتر لایەنی کوردی ئەو ئەرتیکلەیان بەدڵی خۆیان لێک دەدایەوە و ئاماژەیان بە لێکدانەوە نەرێنیەکان قەت نەکرد. کەچی ئێستا پەسندی بڕیارێکی دژ بە لێکدانەوە و بانگاشەکەی خۆیان کرد.

ئەو خاڵە کە پەیوەندی بە مافی سوپای ئێراق لە کوردستانەوە هەیە، یا پەیوەندی بە چۆنیەتی و توانای هەرێم لە لایەنی سەربازیەوە هەیە، لەدەستوردا ڕوون نییە و دیار نەکراوە. پەیوەندی هەرێم و سەنترال لە لایەنی سەربازیەوە لە دەستوردا دیار نەکراوە، ئەوەش خاڵێکی نەرێنییە و هەر لەسەرەتاوە جێگای مەترسیی بوو. چونکە ئەگەر سەنترال لە ئاسایشی هەرێم سەرپشک بێت، کەواتە هەرێم سەربەخۆ نییە و دەکەوێتە ژێر کەنترۆلی ناوەند. لێرەدا سیستەمی فیدرالی ئەگەر بشبێ لەسەر پشتی لاوازیی بەشەفیدرالیەکان دەبێت. پلانەکەی بۆش ئاماژە بەو ئاراستەیە دەکات و جێگای مەترسییە. دیارە ناڕوونی دەستور و دیارنەکردنی پەیوەندی سەربازیی ناوەند و هەرێم یارمەتی بوونی ئەو پلانە دەدەن و ڕەوای دەکەن. شایانی بیرخستنەوەیە بێکەر–هامیلتۆن هەمان ڕاسپاردەیان هەبوو.

سێیەم: ناردنی هێزی کورد بۆ بەغدا. هەروەکو بۆش ئاماژە بە هێزی زیاتری ئێراقی لە بەغدا و ناوەراستی بەغدا دەکات، ناوی کورد ناهێنێت، بەڵام ئەوە کوردیش دەگرێتەوە. لایەنی کوردی هەمیشە دەیانگوت هێزی "پێشمەرگە" نانێرینە ناوەڕاستی ئێراق یا شاری بەغدا. بەڵام پاش سەردانەکەی مەسعود بارزانی بۆ بەغدا و ڕێکەوتنیان لەسەر بۆدجە و ڕۆڵی هێزی چەکداریی کورد، سەرۆکی هەرێم ئەو هەڵوێستەی کەمێ گۆڕی و ئەمجارە گوتی، *هێزی پێشمەرگە نانێرینە بەغدا تا ببنە نیشانی تیرۆریستان، بەڵام دەکرێ یارمەتی بدەین، ئەگەر کاری کۆنکریتی و دیار بۆ ڕاونانی تیرۆرستان دیاربکرێت*. ئەوەی بۆش دەیلێت ئاماژە بە کاری کۆنکریتی ناکات، بەڵکو مانەوەی هێز لە ناوچە ئاژاوەئامێزەکان بە گرنگ و پێویست دەزانێت. لایەنی کوردی ئەوەشیان پەسند کرد، ئەوەش لەگەڵ گۆتنەکەی مەسعود بارزانی ناتەبایە، دیارە مەسعود بارزانی هیچ دەنگی نەبووا بەڵام دەسەڵاتی کوردی وەکوبڵێی بۆ ئەوەی خۆیان لەوە بپەڕیننەوە، هێزێکی سەربازی کوردیان دروستکردووە و دەڵێن ئەوانە پێشمەرگە نین، ئەوانە بەشێکن لە سوپای ئێراقی. ئایا ئەو هێزانە پێشتریش هەبوون، یا لەو چەند ڕۆژەدا ئەو ناوەیان لێنرا، کۆمەڵێ پرسیار دروست دەکەن. ئەگەر ئەوانە هێزی سەربازی ئێراقین، بوونی ئەوانە بەپێی چ ڕێکەوتنێکە، ئەوە لە دەستوردا نەگوتراوە. لە دەستوردا نەگوتراوە، دەبێ هێزی سەربازی ئێراقی لە هەرێمە فیدرالەکاندا هەبن. ئەگەر ئەوە ڕێکەوتنێکە و لەگەڵ بەغدا کراوە، کەواتە سوپای ئێراقی بۆی هەیە بێتە کوردستان و هیچ پێویستی بە پەسندمەندی پەرلەمان و سەرکاری هەرێمی فیدرالی کوردستان نییە، ئەوەش پێشێلکردنی سەربەخۆیی ناوخۆیی بەشەفیدرالە.

ئەگەر ئەو هێزانە پێشتر نەبوون و بەڵام بۆ ئەو ئەرکە زوو دروستکران و زوو ناوی پێشمەرگەیان لەسەر هەڵگیرا، ئەوە بەدرۆخستنەوەی گۆتەکانی خۆیان و فێڵکردنە لە خۆیان و لە گەل. لەلایەکیتر سەلماندنی بوونی پێناسەیەکی لاستیکیانەیە بۆ چەمکی پێشمەرگە، پێناسەیەک کە لەگەڵ بەرژەوەند و ئارەزووی ئەوان دەگۆڕێت و دەگونجێندرێت.

پاشان هێزی پێشمەرگە چییە و هێزی سوپای کوردی چییە؟! ئەوانە هەمووی ڕۆڵەی کوردن و جیاوازیەک لە کوردبوونی ئەوانەدا نییە. ناردنی ئەوانە بۆ پارێزگاریی ناوەڕاستی ئێراق و بەغدا، ناردنی ڕۆڵەکانی کوردستانە بۆ پارێزگاریی نەتەوەی باڵادەستی دوێنی گەلکوژ و چەوسێنەری عارەب. دەسەڵاتی کوردی لەژێر سەرپەرشتی بارزانی و تاڵەبانی جگەلەوەی چوون ئێراقی داگیرکەریان دروستکردەوە و سەرداری باشوری کوردستانیان دایەوە دەست بەغدا، بەڵکو ئێستا ئامادەن خوێنی ڕۆڵەی هەژارانی کوردیش لەپێناوی بەهێزکردنەوەی نەتەوەی باڵادەستی عارەب و ئێراقەکی بەهێزدا بڕێژن.

چوارەم: دەستکاریی دەستور. هەروەکو دوای گشتپرسیەکە لەسەر دەستکاری دەستورەکە زوو ڕێکەوتن کرا، ئەوەش گومانی خستەسەر مانەوەی هەندێ ڕێکەوتنی گرنگ لە دەستورەکەدا. ئەوەی ئێستا لە پلانەکەی بۆش دەخوێندرێتەوە، ئاماژە بە گۆڕانێک دەکرێت کە لایەنی سوننە و کۆنە بەعسیەکان پەسندی دەکەن، ئەوەش لە پێناوی هێنانیان بۆ ناو پرۆسەی دروستکردنەوەی ئێراق. هیچ گەرەنتیەک نییە کەوا ئەو گۆڕانە بنکۆڵی تەواوی سیستەمی فیدرالی ناکات، یا زیان بە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستانەوە ناگەیەنێت. دیارە لە پلانەکەی بۆشدا ناگوترێت ئەو گۆڕانانە چین، بەلام ئاوازی پلانەکە ئاماژە بە کوردستانێکی بەهێز ناکات و دەیەوێت دەسەلاتی زیاتری لێ بسەنێتەوە. هاتنەوەی بەعسیەکان یا عارەبە ناسیونالیستە ڕاسترەوەکان بۆ ناو پرۆسەی دەسەلات، بێگومان لایەنی سەنترالیزم و بوونی ستاتێکی بەهێز، بەهێز دەکات، لەبەرامبەردا هەولی بەهێزکردنی هەرێم و ناوچەکان لاواز دەکات. ئاشکرایە لاوازیی هەرێمی کوردستان و کەنترۆلکردنی لەلایەن بەغداوە ئامانجێکی بنچینەیی بەعسیەکانە. لەبەرامبەر ئەو مەترسیەدا لایەنی کوردی وەکو هەمیشە خۆشباوەڕانە و خۆهەلخەلەتێنەرانە بۆ ئەو بابەتە دەچن، ئامادەنین ڕیالیستانە لە پرسەکە بڕوانن.

پێنجەم: ناونەهێنان و خۆلادان لە سیستەمی فیدرالی و بوونی هەرێمە فیدرالەکان، ناونەهێنانی کێشەی کەرکوک و بڕیاری 140، ناو نەهێنانی پارێزگاریی لە مافەکانی کورد، ئاماژە بە نادیاری پرۆگرامێکی دیاری ئەمەریکا بۆ باشوری کوردستان و چارەنوسی دەکات، لە هەمان کاتدا ئاماژە بە پاشگەزبوونەوەی ئەمەریکا لە بەهێزکردنی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە سەنترال دەکات، ئەوە ئەگەر پێشتر هەنگاوێکی لەمبارەیەوە هەبووبێت. پێویستە لێرەدا بگوترێت، نە کۆماریەکان نە دیموکراتەکان پرۆگرامێکیان پێ نییە کە بتوانێ چارەسەری کێشەی کورد لە باشوردا درێژخایەنانە بکات، چونکە هیچکامیان نایانەوێ خۆیان لە هۆکارە بنچینەییەکانی ئەو کێشەیە بدەن. ئێراقچیاتی لەمێژینەی یەکێتی و پارتی و ئێستای دەسەلاتی کوردی ڕۆلی گرنگی لە بوونی ئەو ڕەوتەی ئەمەریکا سەبارەت بە گەلی کورد هەیە.

ئەو ئێراقە فیدرالەی میدیاکانی سەر بە دەسەلاتی کوردی هەمیشە لەسەر زاریانە، بۆ یەک جاریش لە وتەکەی بۆشدا ناوی نەهات. هەروەها بەهیچ جۆرێک هێما بۆ گرنگی سەرکەوتنی سیستەمی فیدرالی وەکو چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەی گروپە ناسیونال و ئەتنیەکانی ناو ئێراق نەکرا. بەرپرسانی کورد هەمیشە دەلێن فیدرالی باشترین چارەسەرە و هەمیشە ئەوەش دووبارە دەکەنەوە، بێ ئەوەی ڕیالیستانە بچنە ناو وردەکاریەکان و ئەگەری بوونی مافەکانیان. کەچی ئەو "باشترین چارەسەرەی بارزانی و تالەبانی" لە پلانەکەی بۆشدا هەر ئاماژەی بۆ نەکرا. ئەوە جێگای نیگەرانی زۆرە لە ڕاستیدا.

سەبارەت بە کەرکوک کە بە بەلگەی بەهێزەوە و بەپێی ڕووداوەکان، خالێکی گرنی کێشەیە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پرسی ئاسایشەوە هەیە، لەگەل ئەوەی بابەتی *ئاسایش* خالی سەنترالی پلانەکەی ئەمەریکایە، کەچی خۆی لێ لادرا و ناوی نەهێندرا. هیچ گەرەنتیەک نییە، کەوا لێرەدا ڕاسپاردەکەی بێکەر–هامیلتۆن لەمبارەیەوە پەسند نەکراوە. ئەگەری ئەوە زۆرە کەوا بوش خۆی لەم پرسە جارێ گێل دەکات، تا ئەو کاتەی کاری ئاسایش لە بەغدا و ناوەڕاستی ئێراقدا جێبەجێ دەکات، ئەگەر لەوەدا سەرکەوتووبوو، بێگومان ئەنجامەکەی سەنترالێکی بەهێز و ستاتێکی بەهێز دەبێت، لەو بارەدا جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکەی بێکەر–هامیلتۆن یا جوداکردنەوەی کەرکوک لە باشوری کوردستان بەشێوەیەکی دیکە ئاسانتر دەبێت. بوونی سەنترال و ستاتەکی بەهێز سەبارەت بە هەموو بابەتەکانی دیکە کە پەیوەندی بە کوردەوە هەیە، دەبێتە گوشاری چاوەروانکراو. چونکە یەکگرتن و تەبایی عارەب، لایەنی عارەب لە داواکاریەکانیان بەهێز دەکات و واشپێناچێ لایەنی کوردی بتوانن لە ئێستا گورجوگۆلتر بن.

لەکۆتاییدا ئەو پلانەی بۆش، وەکو ئەوەی لە وتەکەیدا هاتووە، ئاماژە بە مەترسی ڕاکشاو لەسەر بەرژەوەندیەکانی خەلکی کوردستاندا دەکات، چونکە جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەل ڕاپۆرتەکەی بێکەر–هامیلتۆن دا نییە. لە پلانەکەدا جۆرج بۆش هاتووە سەبارەت بەو خالانەی کە پەیوەندیان بە بەرژەوەندی کوردەوە هەیە، خۆی لە هەندێکیان لاداوە، سەبارەت بە هەندێکیان زیرەکانە و دیپلۆماسیانە لێیان دەدوێت.

پەسندکردنی پلانەکەی بۆش بێ هیچ گلەییەک لە لایەن دەسەلاتی کوردیەوە، وەکو هەرجارێکی دیکە مرۆ بۆ نێو جیهانی گومانگەرایی و تیۆریەکانی ئەو جیهانە هان دەدات (ئەو تیۆرییانە بەتایبەتی لەنێو عارەبەکاندا زۆر باون)، لەو ڕوانگەیەوە دەکرێ پرسیاری گومانئامێز و تیۆری جۆراوجۆر سەبارەت بە پیلان و ڕێکەوتنە شاراوەکانی پشتی شانۆ

دابڕشترێن. بەڵام لەراستیدا شانسی دەرچوونی گونجاویی ئەو تیۆریانە لە شانسی دەرچوونی لۆتۆ (یانەسیب) کەمترە.
چونکە لە زۆرترین باردا ئەو بۆچوون و تیۆریانە بێ بنچینەنەیەکی ڕیالیستانەن.